Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# چەند تەقینەوەیەك شاری سەدر دەهەژێنن

**Author:** Ali Kareem

ڕەخنەگران دەڵێن هێزەکانی ئاسایش ئەرکەکانی خۆیان بەتەواوی جێبەجێ ناکەن بۆ پاراستنی هاوڵاتیان.

عەلی کەریم – بەغدا

ICRی ژمارە ٣٣٤، ٢٩-٤-٢٠١٠

دوو ڕۆژ دوای ئەوەی زنجیرەیەك تەقینەوە چەند مزگەوتێکیان لە بەغدا هەژاند، شەهاب ئەحمەد مەناتی لەتەنیش قەڵەوێرەکەی باوکی لە نەخۆشخانەیەك دانیشتبوو، بە باوەشێنێك مێشی لە باوکی دوور دەخستەوە و فێنکی دەکردەوە.

شەهاب خەڵکی شاری سەدرە و وتی، "ئێمە لە ماڵەوە بووین کاتێك تەلەفۆنێکمان لە خزمێکمانەوە بۆ هات کە لەگەڵ باوکم چووبووە نوێژی هەینی. دایکم وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوەودەستی بە قیژاندن کرد".

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە تەقینەوەیە کە لە ٢٣ی نیسان ڕوویدا، بەلایەنی کەم ٧٢ کەس کوژران و سەدانی تریش، بە باوکی شەهابیشەوە کە تەمەنی ٤٢ ساڵە، بریندار بوون. لەو هێرشانەدا، چەند مزگەوتێك و ماڵی هاوڵاتیان و شوێنێك کە لە بارەگای موقتەدا سەدر نزیکە کرانە ئامانج.

ئەو تەقینەوانەخوێناویترین پەلامار بوون دژی مزگەوتەکانی شیعە لەمساڵدا و تەنها چوار ڕۆژ دوای کوژرانی دوو لە سەرکردە باڵاکانی قاعیدە ڕوویاندا و دەسەڵادارانی عێراقیش چەنجەی تۆمەتیان بۆ قاعیدە درێژ کرد.

بەڵام زۆرێك لە خەڵکی شاری سەدر جارێکی تر وتیان حکومەت نەیتوانیوە سەر و ماڵیان بپارێزێت. لەدوای هێرشەکانەوە، خەڵك و پیاوە ئاینییەکانی شارەکە دەسەڵاتدارانیان بەوە تۆمەتبار کردووە کە لەبری ئەوەی ئاسایش بۆ هاوڵاتیان دابین بکەن کەچی خەریکی ناکۆکیی سیاسین.

ئەحمەد، باوکی شەهاب، ئاماژەی بەو قەیرانە سیاسییە کرد کە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە مانگی ڕابردووەوە سەریهەڵداوە و وتی، "هۆکاری سەرەکیی ئەم زنجیرە هێرشە ئەوەیە کە هێزەکانی ئاسایش ئەرکەکانی خۆیان بەباشی بەجێناهێنن بۆ پاراستنی ئارامی لە شارەکە. ئێتر بەسە. دەبینین ئارامی وەك خەونێکی لێهاتووە بۆ ئێمە و شتێکی ئەوتۆش لە حکومەتی نوێ چاوەڕێ ناکەین. حکومەتێك کە سەرەتاکەی ناکۆکی و مشتومڕ بێت شتێکی ئەوتۆی لێ چاوەڕێ ناکرێت تا بۆ خەڵکەکەی بکات".

عەباس سوادی نەجم، تەمەنی ٣٤ ساڵە و قوربانییەکی تری ئەم زنجیرە هێرشەیە، پێی وابووە لە مزگەوتدا پارێزراوە، بەڵام بۆی دەرکەوتووە هەڵە بووە و یەکێك لەو تەقینەوە خوێناویانە دار و بەردی مزگەوتەکەی بەسەردا ڕووخاندووە لەکاتێکدا لەسەر بەڕماڵەکەی لە کڕنووشدا بووە.

عەباس، لە دووکانێکدا پێداویستیی ڕۆژانەی ماڵەوە دەفرۆشێت، وتی، "زۆر ڕۆژی ڕەشی هاوشێوەی ئەوەمان دیووە. کوا حکومەت؟ هێزەکانی ئاسایش خەریکی چین؟ گشت بیانوویەکانی ئەوانمان لەبەر کردووە. هەموو کەسێك لێرە لەترسدا دەژی و داهاتووش لێڵە".

بەرپرسانی هێزەکانی ئاسایش دەڵێن هێزەکانیان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان داوە. بەشێك لەو بەرپرسانە پێشبینی هێرشی زیاتریان کرد بەئامانجی دروستکردنی کێشە لەنێوان سوننە و شیعە.

قاسم عەتا، گوتەبێژی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا، وتی، "فەرمانمان بە هێزەکانی ئاسایش لە بەغدا کردووە کە گرنگییەکی زۆر بە شوێنە پیرۆزەکان و مزگەوتەکان بدەن چونکە تێبینیمان کردووە لەم هێرشانەی دواییدا مزگەوتەکانی شیعە کراونەتە ئامانج. ئامانجی ئەو هێرشانە ڕوونە: دروستکردنی گرژیی تائیفییە لە بەغدا و تەواوی عێراق".

قاسم عەتا زیاتر وتی، "تەقینەوەکانی هەینی ڕابردوو لە بەغدا لەڕێی ئۆتۆمبیلی بومبڕێژکراو و چەند خۆکوژێکەوە کە پشتێنەی بۆمبڕێژکراویان لەخۆ بەستبوو جێبەجێ کراون. ئەو تەقینەوانە لەدەرەوەی ئەو پشتێنە ئەمنیانە ئەنجامدراون کە ڕۆژانی هەینی بەدەوری مزگەوتەکاندا دروست دەکرێن. ئەمە مانای وایە هێزەکانی ئاسایش هۆکاری ئەو تەقینەوانە نین چونکە ئەنجامدەرانی تەقینەوەکان نەیانتوانیوە بازنەی هێزە ئەمنییەکان ببڕن".

قاسم عەتا وتی قاعیدە ئەو هێرشانەی بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەنجام داوە، بەڵام هەندێ کەس ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن زنجیرە هێرشێك کە هێندە ئاڵۆز و ڕێکخراو بێت کاتێکی زۆرتری دەوێت تا جێبەجێ بکرێت.

قاسم عەتا وتی، "ئەو هێرشانە لە تۆڵەی ئەو زەبرە کەمەرشکێنانەن کە ئێمە ئاڕاستەی قاعیدەمان کردووە و دوو لە سەرکردەکانیمان کوشتووە. ئێمە پێشبینی ئەو هێرشانەمان دەکرد چونکە قاعیدە بەئاسانی واز لە عێراق ناهێنێت. قاعیدە هەوڵدەدات بوونی خۆی بسەلمێنێت هەرچەندە دەسەڵاتی خەریکە لەناو دەچێت".

ئەو زیاتر وتی، "پێشبینی دەکەین خانە نووستووەکانی قاعیدە هێرشی زیاتر ئەنجام بدەن".

شێخ سەباح سودانی، ئیمامی مزگەوتی سادقە لە گەڕەکی شوعلە، وتی لە شەقامەکاندا هەست بەو دڵەڕاوکێیە دەکرێ کە بەهۆی ئەگەری ڕوودانی هێرشی زیاتر دروست بووە.

سودانی وتی، "ڕەوشەکە زۆر مەترسیدارە و خەڵکیش لە هێرشی زیاتر زۆر دەترسن. خۆشییەکەمان بەبۆنەی ئارامی و ئۆقرەییەوە درێژەی نەکێشا و هاوڵاتیان ئێستا سەریان لێشێواوە. ئەو ڕۆژەی هێرشەکان ڕوویاندا، ئێمە ئەوپەڕی هەوڵی خۆماندا تا خەڵك ڕازی بکەین تۆڵەنەکەنەوە و خۆیان بەدوور بگرن لە پیلانی دوژمنکارانە کە دەکرێت وڵات تووشی شەڕ بکاتەوە. بەڵام تا کەی دەتوانین ڕازییان بکەین؟"

لە وەڵامی ئەو تەقینەوانەدا، موقتەدا سەدر داوای لە لایەنگرانی کرد بەرگری لە خۆیان و مزگەوتەکانیان بکەن. هەندێ ڕاقەکار پێیان وایە ئەمە هاوکارێکی دەگمەنە بۆ هێزە ئەمنییەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی، بەڵام هەندێکی تر دەترسن سوپای مەهدی بگەڕێتەوە کە لەوەتەی تێکشکانی لە ساڵی ٢٠٠٨ لەسەر دەستی هێزەکانی ئەمریکا و عێراق کپ بووە.

فەتاح شێخ، پەڕلەمانتارێکی نوێیە لەسەر لیستی عێراقییە و لە سەدریش نزیکە، وتی، "لەڕێی ئەو هێرشانەوە هەوڵدەدرێت سەدر ناچار بکرێت دەست بە شەڕ بکات. بەڵام ڕەوشی ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ٢٠٠٦ یان هەر کاتێکی تر جیاوازە. ئەمڕۆ سەدرییەکان سەرکردایەتییەکی ژیریان هەیە و کارێکی هێندە سەرکێش ئەنجام نادەن".

هەندێك لە بەرپرسانی ڕەوتی سەدر حکومەت بە هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەو هێرشانە دەزانن.

سەلمان فرێچی، بەرپرسی نووسینگەی سەدرە لە کەرتی ڕووسافە کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی شیعەن، وتی، "ئەمە کێشەی حکومەتە. حکومەت ناتوانێ ئاسایش بەرقەرار بکات. دوژمنەکانی خەڵکی عێراق هەلی خۆیان دەقۆزنەوە بەهۆی ئەو کەشە توندەی لە شەقامەکاندا دروست بووە و حکومەتیش شکستی خواردووە. بەردەوامبوونی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکان تەنها کێشەی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت".

قاسم عەتا وتی حکومەت سوورە لەسەر پاراستنی گشت هاوڵاتیان و نابێت لەسەر حسابی گرووپێك گرنگی بە ئارامیی گرووپێکی تر بدات.

قاسم عەتا وتی، "ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ هێزەکانی ئاسایش کاردانەوەی چەند کەسێکی تووڕەیە و ئێمەش لێیان تێ دەگەین. ئێمە دەمانەوێ هەموو کەسێك بزانێت کە ئێمەش وەك هێزەکانی ئاسایش بەهۆی تەقینەوەکانەوە قوربانی و کوژراوی زۆرمان داوە. چارەنووسمان یەکە، بۆیە پێویستە ئێمە هەموومان هاوکاری یەکتر بکەین تا لە تیرۆر رزگارمان بێت".

**عەلی کەریم رۆژنامەنووسێکی راهێنراوی IWPRە لە بەغدا.**

**Location:** Iraq
**Topic:** Conflict

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%DA%86%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D8%AF-%D8%AA%D9%87%E2%80%8C%D9%82%DB%8C%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D9%87%E2%80%8C%DB%8C%D9%87%E2%80%8C%D9%83-%D8%B4%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%D8%B3%D9%87%E2%80%8C%D8%AF%D8%B1-%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D9%87%D9%87%E2%80%8C%DA%98%DB%8E%D9%86%D9%86